# توانا بێسنوورەکانی مرۆڤ
# لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا

***سەنگەر زراری***
sangarz81@yahoo.com



ئەگەر چیرۆکی ئەم رۆمانە بەردەوام بووایە و درێژەی بکێشابا، (عەلی شەرەفیار) چیدی نەیدەتوانی بەردەوام بێت لەگێڕانەوەی حیکایەتەکە، بەڵکو دەبوو بیداتە دەست یەکێکی دی و چۆن (عەلی شەرەفیار) بەشێك لەچیرۆکی (جەلادەتی کۆتر)ی گێڕایەوە، ئاواش ئەو کەسەی دوای ئەو دەهات دەبوو چیرۆکی (عەلی شەرەفیار) بگێڕێتەوە و پەیوەستی بکات بە چیرۆکی (جەلادەتی کۆتر)ـەوە، چونکە (عەلی شەرەفیار) پەیوەندییەکی وەکو جاران پتەوی بەو مەملەکەت و سەرزەمینەی ئێمەوە نەما، ئەو دوای ئەوەی بڕیاریدا رۆمانەکەی بەچاپ بگەیەنێت و بەرەو چاپخانە بەڕێکەوت، بەرلەوەی بگاتە چاپخانە، لەلایەن (جەلادەتی کۆتر)ـەوە نامەیەکی پێگەیشت لە (شاری مۆسیقارە سپییەکان)، هەر کەسێکیش نامەی لەم جۆرەی بۆ بهاتبا، لەو کەسانەبوو کە دەبوو دەست بە ئیشکردن و خۆئامادەکردن بکات بۆ سەفەرکردن بەرەو ئەو شارە، دەبوو ببێت بە یەکێك لە (پاسەوانانی جوانی).

ئەم شارە، شاری ئەو توانا و جوانییانەی مرۆڤە کە لەشارە ئاساییەکاندا ناتوانرێ وەکو پێویست دەربکەون، جوانییەکان بەهەموو بوارە جۆراوجۆرەکانییەوە، واتا ئەم شارە لەبەرئەوەی ناوی (مۆسیقا)ی بەسەرەوەیە، پەیوەندییەکی بەوەوە نییە کە دەبێ تەنها(مۆسیقار)ەکان بۆی بچن، بەڵکو شوێنی هەموو ئەوانەیە کە بەدڵسۆزی و رۆحییەتێکی پاکەوە تێکەڵی کارەکانیان بوونە و بەجوانترین شێوە ئەدای کارەکانیان دەکەن، هەر بۆیەش چۆن جەلادەتی کۆتری(مۆسیقار) دەچێتە ئەم شارە لەبەر ئەوەی مۆسیقارێکی ئۆریژینالە، (ئۆریژینالّ) بەو مانایەی کە مۆسیقا لەناخییەوە هەڵدەقوڵێت و بەرۆحییەتێکی پاك دەیژەنێت، نەك بەمەبەستێکی دیارکراوی بۆنموونە (لەشێوەی سوود و قازانج). دەچێتە ئەم شارە لەبەرئەوەی بەهۆی فلووتەکەیەوە دەتوانێ بەسەر دەریاکاندا بڕوات، رێگا دوورەکان ببڕێت، بریندارەکان چاك بکاتەوە.. بەهەمان شێوەش (عەلی شەرەفیار)ی نووسەری دەچێتە ئەم شارەوە، چونکە نووسەرێکی رەسەنە و نووسینەکانی لەناخێکی جوان و بەتوانا دێتە دەرەوە و کاریگەریان لەسەر خوێنەرەکانی هەیە. ناو و ناوبانگی گەورەی لەرۆژنامە و بڵاوکراوەکانی وڵات بڵاوبۆتەوە. (محەمەدی فیردەوسی)ش دەچێتە ئەم شارەوە، چونکە نیگارکێشێکی جوانە و بەدوای کاری باشدا دەگەڕێت، هەوڵدەدات کاری باش تێکەڵ بەکاری خراپ نەبێت، خۆی و چەند کەسێکی دی لەژێر زەمینێکدا کۆدەبنەوە بۆئەوەی پارێزگاری لە(جوانی) بکەن.. (دالیا سیراجەدین) و (دوکتۆر موسای بابەك) و (فەهمی بەسری) و (مستەفای شەونم) و (جەلیلی باران) و (شارۆخی شارۆخ) و.. هەموو ئەوانیدیش دەچنە ئەم شارە کە پارێزگاری لەجوانی دەکەن.

*** *** ***

**لەرۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)دا (بەختیار عەلی) گرنگییەکی**
زۆری داوە بەو توانا گەورە و جۆراوجۆرانەی کە مرۆڤ هەیەتی، ئەو توانایەی کە هەندێ کەس لەشێوەی "بەهرە" لێیان بەدیاردەکەوێت و خۆیان گرنگی پێدەدەن، یان لەدەرەوەی خۆی گرنگی پێدەدرێت و کەشوهەوای بۆ دەڕەخسێنندرێ بۆئەوەی بەجوانترین شێوە بەکاری بێنن و سوودی لێوەربگرن، هەندێکیش بێئەوەی لەشێوەی "بەهرە" لێیان بەدیار بکەوێت گرنگی بەخۆیان دەدەن و خۆیان دروست دەکەن، بەو مانایەی کە هەوڵدەدەن فێرببن و خۆیان فێری زۆر شت دەکەن. هەڵبەت هەندێ کەسیش هەن کە (بەهرەدارن)، بەڵام لەبەر ئەوەی گرنگی بە بەهرەکەیان نادەن (لەبەر هەر هۆکارێکی (خود)ی یان (بابەت)ی بێت، ئەوە بەهرەکەیان وردە وردە دەپووکێتەوە و نامێنێ، بەمەش هیچ سوودێکی لێوەرناگیرێت.

هەموو مرۆڤێك توانای گەورەی هەیە، بەڵام ئەم توانایە ئەگەر بەکارنەهێنرێ و گرنگی پێنەدرێ بەدیار ناکەوێ، ئەگەر پەروەردە نەکرێ و کەشوهەوای بۆ نەڕەخسێ یان مومارەسە نەکرێت.

مرۆڤ خاوەنی گوێی دیکەیە کە دەتوانێ شتی زۆر دوورتری پێ ببیستێت لەو شتانەی کە بەگوێی ئاسایی دەبیسرێ.. چاوی دیکە هەیە کە لای

سۆفییەکان بە (چاوی دڵ) ناسراوە و شتە دوور و نەبینراوەکانی پێ دەبینرێ، یان وەکو لە زانستی دەروونیدا باس دەکرێ کە لەگەڵ هەر هەستێکی دەرەکییدا، هەستێکی ناوەکی هەیە و شاراوەیە، ئەم هەستانەش بە (هەستی شەشەم) ناسراون.

هەر لەسەرەتاوە، لەم رۆمانەدا باس لەم توانا و هەستە شاراوە و نادیارانەی مرۆڤ کراوە (..هەزاران چاوی نهێنی و شاردراوە لەناخی مرۆڤدایە، ناوەوەی ئینسان پڕە لەچاوی تر، بەلاّم ئەو چاوانەمان خەوتوون، دەبێت هەوڵبدەین بگەینە ئەو چاوانە لەخەویان هەستێنین، هەر یەکێك لەو چاوانە دنیایەك دەبینێت کە بەچاوانی ئاسایی نابینرێن.. ل25).

بەڵێ.. دەبێ ئەو چاوانە لەخەو هەڵبستێنین، بۆ ئەوەی دیوە نادیارەکەی دنیا ببینین، دەبێ توانا جۆراوجۆرەکانی خۆمان لەهەموو بوارە جیاجیاکاندا تاقی بکەینەوە و فێربین، دەبێ ئاگاداری ئەو مەترسییە دەرەکییانە بین کە دەیانەوێت بێن ئەو هەستانەمان بکوژن، لەسەردەمی ئێستاشدا، لەسەرووی هەمووانەوە ئامێرە تەکنەلۆژییەکانن کە زۆربەی بیریاران  هۆشداری دەدەن لەو هەڕەشە و مەترسییانەی بۆ سەر مرۆڤ هەیانە، هەرچەندە بەدیویێکدا سوود بەمرۆڤ دەگەیەنن، بەلاّم لەهەمان کاتیشدا مرۆڤ دەکەن بەئامێرێکی ساردوسڕ، دەیکەن بەڕۆبۆتێك، وای لێدەکەن کە هیچ بڕوایەکی بەخۆی نەبێت و تەنها پشت بەئامێرەکانی لەجۆری (کۆمپیوتەر و مۆبایل و ئۆتۆمبێل و.. ببەستێت. دەبێ بێدار بینەوە، دەبێ باڵندەکانی ناو رۆحمان هەڵفڕێنین و بە کۆنترۆڵی تەکنەلۆژیا ئەمسەر و ئەوسەر نەکەین، بێگومان ئەمەش بەدانیشتن و دەستەوەستان نابێت، بەڵکو هەوڵ و کۆششی دەوێت (.. رۆح لاّلە، شتێکی بێزمان، عەردێکی بێدەنگە، عەردێکە هیچ شتێك تیا ناخوێنێت، وەك دارستانێك وایە پڕ لەباڵدار و جانەوەری خەوتوو، پڕە لە ئامێری مۆسیقی کپ و بێدەنگ، ژوورێکە مرۆڤ پڕیکردووە لەهاوار و دایخستووە، هەندێجار دەنگێك لەدوور دێت و هەموو ئەوشتانەی تۆزی بێدەنگی و خنکان و فەرامۆشی لەسەریان نیشتووە خاوێن دەکاتەوە، ئەوکات هەموو ژیانمان دەگۆڕێت ...ل 34).

بێدار نەکردنەوەی باڵندە و جانەوەرە خەوتووەکان و والآنەکردنی ئەم ژوورە پڕ لەهاوارە، بچووککردنەوەی ژیان و کوشتنی زۆربەی رەهەندەکانییەتی، لەمرۆڤخستنی مرۆڤە، چونکە تواناکانی مرۆڤ تەنها چەند رەهەندێکی کەم و دیاریکراو نییە، بەڵکو بەسەر گەلێ بواری جۆراوجۆر دابەشبووە، بۆنموونە توانا لەڕووی بیرکردنەوە و فەلسەفە و ئەدەب و زانست و نووسین.. ، تواناکانی مرۆڤ لەرووی فێربوونی زۆرترین زانیاری.. ئەو هێزە جەستەییەی کە مرۆڤ هەیەتی و لای زۆرێك لەوانە بەدیاردەکەوێ کە وەرزش دەکەن و وەرزشوانن.. توانای مرۆڤ لەسەفەرە دوورو قووڵەکانی بۆ ناو قووڵایی دەریا و دەرەوەی زەوی و داهێنانی ئامێرە ئاڵۆز و وردەکان...

***    ***    ***

زۆربەی کاراکتەرەکانی ناو رۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) ئەوانەن کە رۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن لەرووداوەکانی ناو رۆمانەکە، لەوانەن کە بەڕێژەی جیاواز تواناکانی خۆیان خستۆتەگەڕ و لەوانەن کە بەدوای توانا شاراوەکانی ناو رۆحی خۆیاندا دەگەڕێن، ئەگەر لە (عەلی شەرەفیار)ەوە دەست پێبکەین، عەلی شەرەفیار کە وەکو نووسەر و حیکایەتخوانی ئەم چیرۆکە دەردەکەوێ، لەمیانەی رۆمانەکەوە بەشێوەیەك دەردەکەوێت و ئاماژەی بۆ دەکرێت کە یەکێك لەنووسەرە گەورە و بەناوبانگەکانی وڵاتە، یەکێکە لەوانەی نووسینەکانی زۆر دەخوێندرێتەوە و بەرهەمی نووسینی جوانی پێشکەش بەخوێنەرانی کردووە، ئەمانەش نیشانەی بەتوانایی و دڵسۆزی ئەوە لەکارەکەیدا.

(ئیسحاقی لیو زێڕین) مامۆستایەکی گەورەی مۆسیقایە، لای گەلێ مامۆستای بەناوبانگی مۆسیقی و لەزۆر وڵات مۆسیقای خوێندووە و بەدوای فێربووندا گەڕاوە، دواتریش توانا گەورە و سیحراوییەکانی  لەکاتی فێرکردنی (جەلادەتی کۆتر) و (سەرهەنگ قاسم)دا بەدیار دەکەوێت.

(سەرهەنگ قاسم) گەنجێکی بەهرەمەندە و ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی فێربوون و هەموو تواناکانی خۆی لەفێربوونی مۆسیقادا سەرف دەکات.

(دالیا سیراجەدین) قوتابی زانکۆ و عاشقی پاك، ئەو کەسەی (خۆشەویستی)یەکەی ئەوەندە گەورە و بەهێزە، ئامادەیە لەپێناوی (خۆشەویست)ـەکەیدا وەکو سۆزانییەك کاربکات، تەنها بۆئەوەی چارەنووسی (خۆشەویست)ـەکەی بدۆزێتەوە، ئەو کۆمەڵێ فریشتەی هەن کە لەتاریکیدا لەگەڵیان دەدوێت، فریشتەکانی دالیا جوانی و تواناگەورەکانی رۆحی ئەون، چاو و گوێیە نادیارەکانی ئەون، کە لە نادیارەوە بەو هۆیەوە (خۆشەویست)ـەکەی خۆی دەبینێت و دەیدوێنێ.

(دکتۆر موسای بابەك) دکتۆرێکی بەتوانا و ژیاندۆستە، کەمانجەژەنە، هونەرپەروەرە، بەشێکی زۆری ژیانی خۆی بۆ گوڕان و رزگارکردنی تابلۆ هونەرییە جوانەکان تەرخان دەکات، یەکێکە لە (پاسەوانانی جوانی) و کارە هونەرییەکان دەپارێزێت، تواناکانی ئەو لەکاتی روانین و قسەکردندا زیاتر بەدیار دەکەوێت (..چاوی دەنووقاند و نەیدەکردەوە، وەك ئەوەی بەچاوی داخراوەوە جوانتر تابلۆکە ببینێت، هێند بەکوێری

و نیگای ناو دڵ لەبەردەم ئەو تابلۆیەدا دەوەستا لەشی شەکەت دەبوو..)

(فەهمی بەسری) مۆسیقارێکی بەتوانا و مامۆستایەکی بەتواناشە، تاکە کەسێکە کە لەجیاتی ئەوەی مۆسیقای فێری خەڵك بکات، فێری ئەوەشیان دەکات مۆسیقایان (لەبیر بچێتەوە). ئینجا شارۆخی شارۆخ و جەلیلی باران و محەمەدی فیردەوسی و ئەو مۆسیقارانەی لەگەڵیدان و مستەفای شەونم و هاوڕێ قودسی و ڕەوشەنی مستەفا سەقزی و.. هەر یەك لەوانە تواناکانیان بەدیارکەوتووە و وەکو ڕۆح و جەستەیەکی بێکەڵك بەدنیادا ناسوڕێنەوە، بێگومان بەگەڕخستنی ئەم توانایانە و دەرکەوتنەوەی جوانییەکانی ناو مرۆڤیش هێندە سانا نابێت، بەڵکو پێویستی بەهەوڵی زۆر و ماندووبوونێکی زۆر و قوربانییەکی گەورە هەیە. بۆیەش ئەو توانایەی لەو ساتەوە بەدیار دەکەوێت جیابوونەوەی خۆی لەجەستەی مرۆڤەکە ڕادەگەیەنێ "واتا لەوکاتەی مرۆڤ بەمانا فیزیکییەکەی مرد و جەستەی لە ژیاندا بەتەواوی سڕایەوە، ئەو توانایە نامرێ (..هەموومان شتێکی شاردراوە لەڕۆحماندا هەیە، بەڵێ وایە، شتێك لەساتی مردندا نایەوێت لەگەڵماندا بمرێت.. ل 133).

جگە لەو کەسە توانادارانەی لەڕۆمانەکەدا بەدیار دەکەون کەسانێکی زۆریش هەن خەڵکی عەوامن و دێن و دەڕۆن "واتا ڕۆڵێکی ئەوتۆ لەڕۆمانەکەدا ناگێڕن، بەڵکو تەنها وەکو کۆمبارس بەدیار دەکەون، بێگومان ئەمانەش کەسانی بەتوانا و بەهرەمەندیان تێدایە، بەڵام بەگشتی ئەمە نیشانەی ئەو کەسانەن کە ژیان تەیدەکەن و تەنها لەخەمی نان و ئاو و تێرکردنی غەریزەکانی خۆیانن. ڕۆماننووسیش (بەچاوپۆشی لەوەی ڕۆمان خۆی پێویستی بەکاراکتەری زۆر هەیە) پێدەچێ بەشێك لەمانەی بۆ ئەوە دانابێ کە هەم هاوسەنگییەك و هەم بەراوردێك دروست بکات لەنێوان گەڕیدەکان بەدوای فێربوون و کەسانی عامی، نموونەی ئەوانەش لەناو ڕۆمانەکەدا زۆرن لەوانە (ئەو کەسانەی کە ڕۆژانە دەهاتنە پرتەقاڵی سپی بۆ کەیف و سەفا و ڕابواردن.. ئەو سۆزانییانەی کە لەپرتەقاڵی سپی و شاری تەپوتۆزە زەردەکان دەژیان.. ئەو سێ سەربازە کوردەی لەگەڵ (جەلیلی باران) دێن بۆ شاری تەپوتۆزەکان.. خەڵکی ئۆردوگای ئاوارەکان.. خەڵکی گێلاسی سپی.. ئەو دوو فیتەرەی لە چێشتخانەیەکدا لەتەنیشت جەلادەتی کۆتر و مستەفای شەونمدا دادەنیشن و باسی یەکێك لەبرادەرەکانی خۆیان دەکەن.. ئەمانە ئەو کەسانەن کە بەڕواڵەت بەدوای تواناکانی خۆیاندا نەگەڕاون و ڕێژەشیان زیاترە لەوانەی کە تواناکانی خۆیان دۆزیوەتەوە، هەروەکو لە ژیانی واقیعیشدا ئەمە ڕوونە کە هەمیشە ئەوانەی بەدوای تواناکانی خۆیاندا وێڵن کەمینەن، نەك زۆرینە، ئەو زۆرینەیەش کە بەدوای تواناکانیاندا ناگەڕێن، وەنەبێ ڕێگایان لەبەردەم داخرابێت و نەتوانن هیچ شتێك بکەن... نەخێر، چونکە دەرگای هونەر دەرگای توانا و جوانییەکان، بەڕووی هەموو کەسێکدا ئاوەڵە و لەسەر پشتە، هەرکەس بیەوێت دەتوانێ ببێتە خاوەنی و کۆدەکانی بدۆزێتەوە. (.. هونەر ڕێگایەکی کراوەیە، تا ناکۆتا کراوەیە، بەڵام ڕۆیشتن بەو ڕێگایەدا پێویستی بەشیفرەیەکی تایبەتی هەیە، هەندێك هەن هەموو ژیانیان لەخۆڕا سەرف دەکەن و ئەو شیفرەیە نادۆزنەوە.. ل438).

(جەلادەتی کۆتر)ی پاڵەوانی سەرەکی ئەم ڕۆمانە لەو کەسانەیە کە بەدروستی بەڕێگاکەدا ڕۆیشتووە و شیفرەکانی دۆزیوەتەوە، ئەو دەیتوانی شتەکان لەتاریکیدا ببینێت، لەبوارەکەی خۆیدا (مۆسیقا) گەیشتبووە لوتکە و دواپلە، هەموو تواناکانی لێ بەدیار کەوتبوو، مۆسیقایەکی ئەفسووناوی دەژەنی، لەلایەکی دیکەوە دیوی نادیاری واقیع و شتەکانی دەوروبەری خۆی دەبینیێ. (..جەلادەت هەستی دەکرد ئەو بووە بەمەخلوقێك کە دیوێکی دیکەی دنیا دەبینێت کە کەسی دی نایبینێت..)

هەڵبەت ئەمەش لەخۆوە نییە، بەڵکو لەئەنجامی وێڵبوون و گەڕان و ماندووبوونی (جەلادەت)ە بەدوای فێربووندا، لەئەنجامی ئاوارەیی ئەوە لە ژیاندا، بەمەش نەك تەنها خۆی، بەڵکو هەوڵی بۆ ڕزگارکردن و خستنەگەڕی کەسانی دیکەش داوە (..من زنجیری زۆر کەسانم شکاندووە، هەتا زنجیرەکانی ناو ڕۆحی خۆشم هەر خۆم شکاندوومن، ئاوارەبوون ئەوەیە مرۆڤ زنجیری خۆی بشکێنێت و بڕوات..ل328) بەمەش بۆتە (داهێنەر) و لەسەر زەمینێك دەژیێت کە لەدەرەوەی (شوێن) و (زەمان) دایە، بۆتە ئاوارەیەکی وێڵ، (ئاوارە) نەك بەو مانایەی لەو جوگرافیایەدا ناژیێت کە شوێنی لەدایکبوونی خۆی و باو و باپیرانییەتی، ئاوارە بەو مانایەی کە هەمیشە نیگەرانە، هیچ شوێنێك بەهی خۆی نازانێت، لەهیچ شوێنێکدا ئۆقرە ناگرێت و هەموو کاتەکان بەدوای نهێنییەکانی ژیان و دنیا وێڵە، لەسەر زەمینێك دەژی نەشوێنی ژیانە و نە شوێنی مردن (.. هەموو داهێنەرێك کەسێکە لەو هەرێمە دەژی کە نەژیانە و نە مەرگ.. ل326).

ئەو کەسانەی کە داهێنەر نین، ئەو کەسانەی کە فێرنابن یان (ڕاستتر نایانەوێ فێر بن) مانای ئەوە نییە کە هیچ ڕێگایەکیان لەبەردەمدا نییە، لە ئەزەلەوە بێتوانا و بێبەهرەن.. نەخێر، بەڵکو ئەوانەن کە خۆیان نایانەوێ فێر بن، ئەوانەن کە ناجووڵێنەوە، بۆ ساتێك خۆیان ماندوو ناکەن، ئێمە باسی ئەوانە ناکەین کە هۆکاری دەرەکی لەشێوەی شەڕ و کەلتوور و کۆمەڵگا و خێزان.. دەبنە ڕێگر لەبەردەم فێربوون، بەڵکو باسی ئەوانە دەکەین کە دەرفەتی لەبار و گونجاویان هەیە، هەمیشە ڕێگایەکیان لەبەردەمدایە بۆ فێربوون. (.. زۆر شت لەگەردووندا هەن دەیانەوێت تۆ

بدوێنن، نامەی تایبەتیان لەسروشتەوە بۆ تۆ پێیە، کاتێك تۆ ناتوانیت لەو نامایە تێبگەیت. ئەو نامەیە دەڕوات و بۆ هەتاهەتایە لەدەست دەچێت..).

بەدیوێکی دیکە لەم رۆمانەدا پەیوەندییەکی جوان و تەبا لەنێوان (هونەر) و(عەدالەت)دا هەیە (.. عەدالەت هەرگیز ئەوە نییە حاکمێکی پیر لەسەر کورسییەکەی خۆیەوە دەریدەکات، بەڵکو ئەو بڕیارەیە کە پارچەیەك مۆسیقا دەریدەکات، شیعرێکی مەزن دەریدەکات، تابلۆیەك بەنهێنی لە رەنگەکانیدا دەینووسێتەوە، ئەوە تەنیا عەدالەت و دواعەدالەتە لەسەر ئەم ئەستێرەیە.. ل197) ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەگەر هونەرێك، یان هەر کارێکی دیکە لەو کارانەی کە مرۆڤ رۆژانە پێیەوە سەرقاڵ دەبێت، مانەفێستی روحی کارەکە نەبێت "واتا دەربڕی راستەقینە و بابەتییانەی کارەکە نەبێت و کۆپییەکی بێزەوەر بێت، ئەوە عەدالەت لەو کارە و لەو پنتەدا نییە، بەزیادبوونی ناعەدالەتیش لەناو کارەکاندا، ناعەدالەتی کۆی بوار و پنتەکانی ژیان دەگرێتەوە.

***     ***     ***

(شاری مۆسیقارە سپییەکان) شاری ئەبەدییەتە، شارێکە شوێنی ئەو کەسانەیە کە نامرن، (نامرن) نەك بەو مانایەی کە لە ژیاندا وەکو جەستە دەمێننەوە و رۆژانە ئێمە هەست بە بەرجەستەبوون و ئامادەبوونی جەستەیان بکەین لەناو خۆماندا، بەڵکو شاری ئەو کەسانەیە کە کارە داهێنەرانە و جوانەکانیان هێندە گەورەیە، مردن دەرەقەتیان نایەت و ناتوانێت بیانسڕێتەوە، شاری ئەو کەسانەیە کە کارەکانیان ئەبەدییە (..ئەبەدییەت شارێکی گەورەیە و هەریەکێك لەئێمە کوچەیەکین لەکوچەکانی ئەو شارە.. ل601)، بەڵام هەموو کەسێك هەست بەوە ناکات کە کوچەیەکە لەم شارە و تا سڕانەوەی جەستەشی هەر بەو نەزانییە دەمێنێتەوە، هەیە درەنگ دەزانێ کە خەڵکی ئەم شارە ئەبەدییەیە، هی واش هەیە کە هەر لەسەرەتاوە دەزانێت، دەوروبەرەکەی زوو هەستی پێدەکەن کە زیرەکە یان بەهرەمەندە و گرنگی پێدەدەن (.. هەندێ کەس هەن هەر لەسەرەتاوە دەزانن کە ئەوان خەڵکی شاری مۆسیقارە سپییەکانن و هەندێکیش هەن نازانن .. 551).

مێژووی دروستبوونی ئەم شارە مێژووی دروستبوونی مرۆڤە، لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤدا، توانای داهێنەرانەش لەدایکبووە، هەمیشە کەسانێك هەبوونە کە تواناکانیان بەدیار کەوتووە (..ئەم شارە لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤەوە لەسەر زەمین بوونی هەبووە .. ل551). خەڵکی ئەم شارە لەشوێنێکی دیاریکراوی ئەم سەر رووی زەمینە نین، ئەوان بەهەموو شوێنەکانی جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، بۆ هەرکەسێك لەهەر شار و شوێنێك، هێڵێك هەیە کە ئەم شارەی پێدەبەستێتەوە، ئەگەر بیەوێت دەتوانێ بۆی بچێت (..شاری مۆسیقارە سپییەکان بەشێکی تایبەتی هەموو شارەکان و شوێنەکانی دنیایە.. ل551) کەواتە دەستەوئەژنۆ دانیشتن بەبیانووی ئەوەی جوانییەکان لەمەملەکەتی ئێمەدا نین، قسەیەکی پڕوپووچ و بێمانایە، چونکە جوانی لەهەموو خاڵ و پنتێکی گۆی زەویدا هەیە.

***     ***     ***

هەڵبەت ئەوەی لای ئێمە باو و ئاساییە بۆ (زانین)، (فێربوون)ە "واتا ئەگەر مرۆڤ بیەوێت شتێك بزانێ، هەوڵدەدات و کۆشش دەکات بۆ ئەوەی فێربێت، کەسانی واش هەن ئەو ئارەزووەیان نییە و هەوڵ نادەن فێربن، بەڵام ئەم رەوتە مەئلوفە لەم رۆمانەدا تێکدەشکێ و حاڵەتی وامان بەرچاو دەکەوێ کە مرۆڤ هەوڵی (لەبیرکردن) دەدات، ئەویش نەك بەشێوەی وردە وردە و سروشتی "واتا نەك بەوشێوەیەی کە مرۆڤ بەپێی تێپەڕبوونی کات خۆی شتەکان لە بیربکات کە مرۆڤ بەسروشتی خۆی و بەهۆی دوورکەوتنەوە لە کارێك یان موما‌رەسەنەکردن، شتەکانی بیردەچێتەوە، بەڵکو بەشێوەی (فێرکردن). واتا فێرکردنی (لەبیرچوونەوە).

جەلادەتی کۆتر کاتێك دەچێت بۆ تیاتری (پرتەقاڵی سپی) و مۆسیقا دەژەنێت، هەموو ئامادەبووانی ئەوێ بەجۆرێك سەرسام دەبن و تێکەڵ بەو مۆسیقایە دەبن کە ئاگایان لە خۆیان نامێنێ، چونکە هیچ کات گوێیان لە مۆسیقایەکی لەمجۆرە نەبووە، بەڵکو ئەوەی ئەوان بیستوویانە مۆسیقایەکی بازاڕی بووە بۆ هەڵپەڕین و کەیف و سەفا و بازرگانی و رابواردن لەگەڵ سۆزانییەکان لێدراوە، ئەمجۆرە مۆسیقایەش هیچ کات چێژێکی راستەقینەی مۆسیقی نەبووە، وەکو ئەو مۆسیقایەی ئێستا جەلادەت لێی دەدات و هەستی پێدەکەن کە ئەمە مۆسیقای حەقیقییە، لێرەوە دالیا سیراجەدین دەزانێ ئەگەر جەلادەت مۆسیقایەکی لەمجۆرە لێبدات، دواجار کەشف دەبێت و ژیانی دەکەوێتە مەترسییەوە، بۆیە هەمووان دڵیان بەو مۆسیقایە خۆش دەبێت تەنها ئەو نەبێت، تەنها ئەو لەو کاتەی دەیباتەوە ژوورەکەی خۆی پێی دەڵێت (.. تۆگەمژەیت، گەمژەی تەواویت، باوەڕ ناکەم لەم سەر ئەستێرەیە بێمێشکێکی وەك تۆ هەبێت..) دواتر ئاگاداری دەکاتەوە کە (..گەر لێرە ئەو جۆرە مۆسیقایە لێبدەیت دەتدۆزنەوە و دەتکوژن، وادەزانی کە سەرسامبوون پێت ماچ دەکەن و دەڕۆن، ئێرە تیاترۆخانەیە، شەوان پڕ دەبێت لەئەفسەر و بەرپرسی ئاسایش، پڕ دەبێت لەپاسەوانەکانی کۆشك، لە پۆلیسی نهێنی، لە جەندرمەی هەیئەتی تایبەتی، لەبرادەری کوڕەکانی سەرۆك،

لەپاسەوانە تایبەتییەکان، لە پسپۆڕەکانی پیشەسازی سەربازی، لەو جەلادانەی خەڵك بەقووندا هەڵدەواسن، خودایە، تۆ بێمێشکیت یا بەئەنقەست وادەکەیت، هەر مەخلووقێك سەرنجیان رابکێشیت دەچنە بنج و بناوانی .. ل136) جا بۆئەوەی نەیگرن و نەیکوژن، بۆئەوەی نەچنە بنج و بناوانی، کە (جەلادەت) خۆی کەسێکە لەرەمکردندا رزگاری بووە و هاتۆتە ئەم شارە و ئێستا لەم شارەدا بەنهێنی شاردراوەتەوە، ناچار دالیا سیراجەدین هەوڵ دەدات کە رێگایەکی بۆ بدۆزێتەوە بۆئەوەی مۆسیقای لەبیر بباتەوە، چونکە جەلادەت پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە نازانێ مۆسیقای خراپ لێبدات، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە ئایا شتێکی هێندە ئاسانە مۆسیقا لەبیر خۆی بباتەوە و وای لێبێت مۆسیقایەکی خراپ بژەنێت لەکاتێکدا کە تا ئەوکات هەموو ژیانی خۆی بۆ مۆسیقا کردبووە قوربانی؟!.. بێگومان نەخێر شتێکی ئاسان نییە، بۆیەش ژیانی جەلادەت لەو رۆژەوەی کە هەوڵی (لەبیرچوونەوە)ی مۆسیقا دەدات، دەبێتە دۆزەخ، بەپلەی یەکەم لەبەرئەوەی مۆسیقا تێکەڵ بەرۆحی بووە و خۆشەویستترین شتە لەلای، بەپلەی دووەمیش لەبەرئەوەی (لەبیرچوونەوە) کارێکی ئاسان نییە (..من لەو رۆژەوە دۆزەخێکی گەورە ژیام، سەفەرێکی ترسناکم دەستپێکرد، سەفەری بیرچوونەوەی مۆسیقا، دەبوایە هەموو ئەو مۆسیقایەم بیربچێتەوە کە فێری بووم .. ل 138) بەڵام چۆن ئەم مۆسیقایەی لەبیر دەچێتەوە (.. مرۆڤ بەدرێژایی مێژوو گەلەك تەکنیکی گرنگی بۆفێربوون گەشەپێداوە، بەڵام مرۆڤ زانستێکی بۆ بیرچوونەوە دانەمەزراندووە، توانای ئینسان لەسەر بیرچوونەوە دەیانجار لەتوانای لەسەر فێربوون لاوازترە.. ل138). لەگەڵ ئەوەشدا بەهەر جۆر و نرخێك با دەبوو جەلادەت مۆسیقای لەبیر بچێتەوە و فێری مۆسیقای خراپ بێت، چونکە ژیانی ئەو بەند بوو بە لەبیرچوونەوەی مۆسیقا، ئەگەر ویستی ژیانی هەبا دەبوو مۆسیقای بیربچێتەوە، بەپێچەوانەشەوە مەرگ چاوەڕوانی دەکرد (..گەردەیەوێ بەمۆسیقا بژی و خۆشی تووشی کێشەی گەورە نەکات و ئاسوودە بێت، دەبێت هەموو ئەو مۆسیقایەی بیر بچێتەوە کە تائێستا فێری بووە...ل 142) بۆ ئەم مەبەستە دالیا سیراجەدین کەسێك بەناوی (فەهمی بەسری) لەگەڵ خۆیدا دێنێ بۆلای (جەلادەت)و بە (مامۆستای مۆسیقا) بەجەلادەتی دەناسێنێ، ئەوەی پێڕادەگەیەنێ کە بۆ ئەوەی فەهمی بەسری ژیانی (جەلادەت) لەمەترسی ئاشکرابوون و مەرگ رزگار بکات، لەجیاتی ئەوەی فێری مۆسیقای بکات، مۆسیقای لەبیر دەباتەوە!!!

لەڕاستیدا (فەهمی بەسری) بەڕاستی مامۆستای مۆسیقایە و یەکێکە لەو کەسانەی توانا شاراوەکانی ناو رۆحی خۆی دۆزیوەتەوە، یەکێکە لەو کەسانەی سەر بەشاری ئەبەدییەت، یەکێکە لە سەرنشینانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) هەر بۆیەش جەلادەت دواتر لەسەفەرەکەیدا بەرەو (شاری مۆسیقارە سپییەکان) یەکێك لەوانەی لەوێی دەبینێتەوە (فەهمی بەسری)ـە، بەڵام ئەو بارودۆخ و زروفەی ئێستا ئەوان تێیدا دەژیان، مۆسیقای راستەقینەی نەك هەر پێویست نییە، بەڵکو مۆسیقا مایەی سەرئێشەیە و ژیان دەخاتە مەترسییەوە. ئەگەر بشڵێین بۆچی ئەوان (واتا جەلادەتی کۆتر و فەهمی بەسری) لەوکاتەدا لەجیاتی بیرچوونەوەی مۆسیقا و کپکردنەوەی تواناکانیان مەرگیان هەڵنەبژارد؟ رەنگە وەڵامەکەی ئەوە بێت کە هەم خودی ژیان خۆی لای مرۆڤ خۆشەویستە و هەم ژیانی ئەوکاتیش پێویستی بەوجۆرە کەسانە هەبووە کە لەدەرفەتێك بگەڕێن بۆ ئەوەی جوانییەکان بژیێننەوە. ئاخر وڵاتێك کە (لەماوەی سی ساڵدا لەسەرباز و سۆزانی زیاتر هیچی پەروەردە نەکردبێت) چ پێویستی بەمۆسیقای راستەقینە هەیە.

بێگومان لەم هەوڵی (لەیادچوونەوەی مۆسیقا)یەدا جەلادەت تەواو بێزار و شەکەت و ماندوو دەبێت، چونکە فەهمی بەسری مامۆستای، چەند وانەیەکی وەڕەسکەری بۆ دادەنێت کە دەبێ پراکتیکیان بکات، تاکو مۆسیقای بیر بچێتەوە.

یەکێکی دیکە لەو کەسانەی لەناو ئەم رۆمانەدا لەجیاتی هەوڵی فێربوون، هەوڵی (لەبیرچوونەوە)دەدات (مستەفای شەونم)ە، دوای ئەوەی مستەفای شەونم تووشی حاڵەتێك دەبێت و پەیوەندی نێوان ئەو و (لەیلای نیلۆفەر) ئاشکرا دەبێت، ئەو پەیوەندییەی بەهۆی نیگارکێشانەوە دروستبووە و دەبێتەهۆی لەناوبردن و کوشتنی (لەیلای نیلۆفەر) و برینداربوونی (مستەفای شەونم) خۆی، بەم هۆیەشەوە هەم (مستەفای شەونم) خۆی ئارەزووی بۆ نیگارکێشان نامێنێ و هەم باوك و خزم و کەسەکانی لێی قەدەغە دەکەن کە چیتر نیگار بکێشێت، بۆیە هەموو هەوڵەکانی خۆی دەخاتە گەڕ تا هونەری نیگارکێشانی لەبیر بچێتەوە، ئەمەش زۆر ماندووی دەکات (.. من زۆر ماندوو بووم تا رەسمم لەبیرچووەوە، تاچەند ساڵێکیش بەڕێگادا دەڕۆیشتم و هەر بەخەیاڵ رەسمم دەکرد، بەڵام دواجار لەناو ئەم بازاڕ و چێشتخانانەدا لەنگەرم گرت، لێرەدا بەردەوام دەمخوارد.. جەلادەت من چەندین ساڵە دەخۆم بۆ ئەوەی بیر لەرەسم نەکەمەوە، بیر لەهەموو شتەکانی دنیا دەکەمەوە تەنیا بۆ ئەوەی بیر لەرەسم نەکەمەوە، ئێرە نیشتیمانی منە.. دەزانی چەند ماندوو بووم تا رەسمم لەبیر چووەوە؟ چەند ئازار و ئەشکەنجەم چەشت تا ئەو نیگارکێشەی ناو خۆمم کوشت؟ دەزانیت؟ .. ل 462).

کەواتە ئەم رۆمانە تەنها ئەو توانایانەی مرۆڤمان پێ ئاشنا ناکات کە بۆ (فێربوون) هەیەتی، بەڵکو ئەوەشمان پێدەڵێت کە مرۆڤ لەتوانایدا هەیە

ئەو شتانە لەبیر خۆی بباتەوە کە فێریان بووە، (لەبیرچوونەوە)یەك نەك بەشێوە سروشتییەکەی مرۆڤ خۆی، کە زۆر جار وردە وردە شتی لەبیر دەچێتەوە، بەڵکو (لەبیرچوونەوە) بەمەبەستێکی دیاریکراو و بەشێوەیەکی پلان بۆ دانراو و بەرنامەرێژکراو، یان وەکو جەلادەت بەهۆی وەرگرتن و خوێندنی چەند وانەیەکی دیاریکراو.

کەواتە تواناکانی مرۆڤ زۆر لەوە زیاترە کە لەخەیاڵدانی هەر یەکێك لەئێمەدا هەیە..